خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی
سەرنووسەر
بەختیار محەمەد
makhmur@yahoo.com

ژمارە (31) ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ (500) دینار یەکشەممە 2011 / 5 / 15 25ی گوڵانی 2711

هاوار ئاغای دزەیی:

## مەخموور کاولیش بێ لەهەولێرم پێخۆشترە



کەس نییە لەئێمە کەسایەتی ناوداری دەڤەری مەخموور "هاوار ئاغا" نەناسێت، ئەو ئەگەرچی بە هاوار ئاغا ناسراوە، بەڵام ئەو شانازی بە ئاغایەتی ناکاو پێی وایە کەسێتی ئاغا دەبێ خزمەتکاری خەڵك بێت، هاوارئاغا کوڕی برایماغای دزەییە، لەشوباتی 1919 لەمەخموور لەدایکبووە. لەدیمانەیەکدا زۆر بەراشکاوانە وەڵامی پرسیارە تایبەتیەکانمان دەداتەو.

5 ⬅



یوسف مەخمووری:

### لە عەبدولرەحمان بابانەوە تا بارزانی سەید کاکە

3 ⬅



سالار سیامەند:

### تکایە ئێوەش ئازارمان مەدەن

4 ⬅



### نهێنییەکانی ڕۆناڵدۆ ئاشکرا دەکرێن

7 ⬅

لەژێر گوشاری ڕاگەیاندنو داواکاری خەڵك بارزان سەیدکاکە دەستی لەکارکێشایەوە

# ئەمڕۆ قایمقامی نوێی مەخموور بەوەکالەت دەست بەکاردەبێت

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

دوای چوار ساڵ لەکارەکەی ڕۆژی 2011/5/10 بەشێوەیەکی فەرمی بارزان سەید کاکە (38)ەمین قایمقامی قەزای مەخموور دەستی لەکارکێشایەوە، لەجێگای ئەو (ئیبراهیم شێخەڵلا) بەوەکالەت بوو بەقایمقامی قەزای مەخموور.

بەپێی ئەو هەواڵەی لەسەر پێگەی سەرەکی قایمقامیەتی مەخموور بڵاوکراوەتەوە کە بەهۆی داواکاری زۆرینەی هاوڵاتیانی مەخموور کە دەبێ قایمقام خەڵکی شارۆچکەی مەخمووربێت، بۆیە بارزان سەید کاکە دەستی لەکارکێشاوەتەوە. هەر لەو هەواڵەدا هاتووە کە لەڕۆژی 2011/5/15دا (ئیبراهیم شێخەڵلا) بەڕێوەبەری شاردەێی گوێڕ بەوەکالەت دەبێتە قایمقامی قەزای مەخموور.

لەلێدوانێکی تایبەت بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)، ئیبراهیم شێخەڵلا قایمقامی مەخموور بەوەکالەت، ڕایگەیاند "لەڕۆژی 2011/5/15 وەکو قایمقامی مەخموور بەوەکالەت دەست بەکاردەبمو لەجێگەی من سیروان ڕۆژبیانی کارەکانی من لەشارەدێی گوێڕ بەڕێوەدەبات"، ئیبراهیم گوتیشی "تا ئەوکاتەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت من کارەکانی قایمقامیەت بەڕێوەدەبەم، هەوڵیش دەدەم لەڕووی ئاوەدانیو خزمەتگوزاری تەکانێك لەکارو پرۆژەکانی مەخموور ئەنجام بدەم، یەکەم کاریشم دانیشتنە لەگەڵ سەرجەم فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی مەخموور".

سەبارەت بەوەی کە بەهۆی فشاری ڕاگەیاندنو داواکاری خەڵکەوە قایمقامی پێشوو دەستی لەکارکێشاوەتەوە، لەوبارەیەوە شێخەڵلا، گوتی "بێگومان بەهۆی فشاری ڕاگەیاندنو کۆبوونەوە جەماوەرییەکان بوو کە بارزان سەیدکاکە دەستی لەکارکێشایەوە، ئەگەریش هەڵبژاردن کرا ئەوا خەڵکی مەخموور خۆیان دەزانن کێ هەڵدەبژێرن".

لەلایەن خۆیەوە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ی ڕایگەیاند "بارزان سەید کاکە لەلایەن ئێمە مۆڵەتی وەرگرتووە، لەجێگای ئەو ئیبراهیم شێخەڵلا بەوەکالەت بوەتە قایمقام". لەو بارەیەوە بارزان سەیدکاکە ڕایگەیاند "دوو جۆرە دەست لەکارکێشانەوە هەیە، یەکەمیان دەست لەکارکێشانەوەی یەکجارەکییە، دووەمیان ئەوەیە کە دەست لەکارهەڵگرتنە، منیش تائەوکاتەی هەڵبژاردن دەکرێت دەستم لەکارهەڵگرتووەو بەفەرمی لەپۆستی قایمقامیەت دەستم لەکارکێشاوەتەوە".

جێگەی باسە زۆرینەی هاوڵاتیانی مەخموور داواکارن کە بەرپرسە ئیدارییەکانی مەخموور لەخەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بن بۆ ئەوەی زیاتر لەڕەوشی ناوچەکە بگەنو خزمەتی زیاتری مەخموور بکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە تاوەکو ئێستا 80٪ی بەڕێوەبەرو بەرپرسە ئیداریو حکومییەکانی مەخموور خەڵکی قەزای مەخموور نین.



ئیبراهیم شێخەڵلا – قایمقامی نوێی مەخموور بەوەکالەت

نەرمین عوسمان:

## زیاتر لە 15 هەزار چەکی قەرەبوو دابەش دەکرێت




جێگری سەرۆکی لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی 140 ڕایگەیاند، لەماوەی کەمتر لە 2 مانگدا پتر لە 2 هەزار چەکی قەرەبووکردنەوە دابەش کرا، ئاماژەی بەوەشدا چاوەڕوان دەکرێ تا کۆتایی ئەمساڵ پتر لە 15 هەزار چەکی تر دابەش بکرێ.

نەرمین عوسمان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند "لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ڕابردوودا لێژنەکە دەستی بەدابەشکردنی چەکی قەرەبووکردنەوە بەسەر هاووڵاتییانی کوردی ئاوارەو عەرەبە هێنراوەکان کردووە". ڕوونی کردەوە "لەماوەی کەمتر لە 2 مانگدا 2 هەزار چەکی قەرەبووکردنەوە بەسەر هاوڵاتییانی کوردی ئاوارەی گەڕاوەو عەرەبە هێنراوەکان بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی پێشوویان دابەش کراوە، چونکە تاناوەڕاستی مانگی ئادار بودجەی مادەی 140 لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە خەرج نەکراوە". گوتیشی "نووسینگەکانی مادەی 140 بەشێوەیەکی باش لەڕێگەی بانکەکانەوە چەکی قەرەبووکردنەوە بەسەر هاوڵاتیانی عەرەبی هێنراوو ئاوارە گەڕاوە کوردەکان دابەشدەکەن، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ تا کۆتایی ئەمساڵ 15 تا 16 هەزار چەکی قەرەبووکردنەوە دابەش بکەین".

جێگەی باسە مادەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەو ناوچانە دانراوە کە ڕێژیمی ڕووخاوی عێراق لە ماوەی 35 ساڵەی دەسەڵاتی خۆیدا، بەمەبەستی گۆڕانکاری لە سنوورەکانیانو لەپێکهاتەی دیمۆگرافیی دانیشتوانەکانیاندا کردووە، بۆ ئەم مەبەستە ئاوارە کوردەکان بڕی 10 ملیۆن دینارو بۆ عەرەبە هاوردەکان بڕی 20 ملیۆن دینار خەرج کراوە.

## لەیادی چوار ساڵەی کردەوە تیرۆریستییەکەی 5/13 لەمەخمووردا

چوارساڵ بەسەر کردەوە تیرۆریستیەکەی 2007/5/13ی قەزای مەخموور تێدەپەڕێت، کە لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، تەقینەوەیەکی خوێناوی شاری مەخمووری هەژاند کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کاسبکارو بێتاوان هاتنە شەهیدکردن، خۆشبەختانە ئەو دەستەڕەشو چەپەڵانەی لەپشت ئەم کردەوە تیرۆریستییە قێزەوەنە بوون، بەهاوکاری دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس هاتنە ئاشکراکردنو بەسزای دادپەروەرانەی خۆیان گەیەنران.

ئێمە لەکاتێکدا هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی شەهیدان دووپات دەکەینەوە، هاوکات داواکارین لەدەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس هەمیشە لەهەوڵی باشتردابن بۆ ئەوەی کارەساتێکی تری جەرگبڕ دووبارە نەبێتەوە. مردنو ڕووڕەشی بۆ تیرۆریستان، نەمریو سەربەرزی بۆ شەهیدانی 5/13ی مەخموورو تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

## هەڕەشە لەقوتابیانی کەمپی مەخموور دەکرێت



بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور) کەوتووە، هەڕەشە لە 11 قوتابیانی کەمپی پەنابەرانی مەخموور کراوەو بە دەیان قوتابیش بریندار بووینە، لە ڕۆژی 1ی لەوکاتەی قوتابیانی کەمپی مەخموور ڕێپێوانێك ساز دەدەن لەدژی لەسێدارەدانی (شێرکۆ مەعروفی) کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستگیرکراوەو فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە"دەنگی مەخموور"ی ڕاگەیاند کە لەکاتی خۆپیشاندانێك لەدژی لەسێدارەدانی (شێرکۆ مەعروفی) لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەلایەن هێزێکەوە هێرش دەکرێتە سەر قوتابیانی خۆپیشاندەرو لەئەنجامدا چەند قوتابیەك بریندار دەبنو 10 قوتابیش ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێنو، بە دەیان قوتابیش بریندار بووینە. هەر سەبارەت بەم ڕووداوە سەرچاوەیەك لەکەمپی پەنابەرانی مەخموور هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوەو وتی "بەڵێ چەند قوتابیەك کە ڕێژەیان 11 قوتابی دەبێت چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەڕێگەی تەلەفۆنەوە هەڕەشەیان لێکراوە، ئەو قوتابیانەش لەهەولێر دەخوێنن".

جێگەی باسە نزیکەی 250 قوتابی کەمپی مەخموور لەزانکۆو پەیمانگاکانی هەولێر دەخوێنن.

## لیژنەیەکی پەرلەمانیی تایبەت بە ماددەی 140 پێکدەهێنرێت

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە زۆرینەی دەنگ پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی تایبەت بە ماددەی 140 پەسەند کرد.

لەوبارەیەوە خالید شوانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان ڕایگەیاند "ئەو لیژنەیە لەسەر داواو پێشنیازی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بووە بە تەوافوق لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تری ناو پەرلەمانی عێراق، ڕۆژی 5/12 دوای ئەوەی پێشنیازەکە خرایە دەنگدانەوە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا".




لەبارەی ئەرکی لیژنەکەش خالید شوانی ڕاشیگەیاند "لیژنەی پەرلەمانی ماددەی 140 کاری چاودێری و بەدواداچوونی هەنگاوەکانی لیژنە حکومییەکە دەبێت سەبارەت بەو کارانەی بۆ ماددەی 140 ئەنجامیان دەدات".

شایەنی باسە لەخولی پێشووی پەرلەماندا لیژنەیەکی کاتییە هەبووە، بۆیە ئێستا ئەم لیژنەیە بەفەرمی پەسەندکرا، ئەم لیژنەیە لێکۆڵینەوە لەکارەکانی لیژنەی ماددەی 140 دەکاتو هەر کەموکورییەکیان هەبێت حکوومەتی لێ ئاگاداردەکاتەوە

چاوەڕوان بن.. لەژمارەی داهاتوو پاشکۆی (کەندێناوە) دەردەچێت، داواکارین لەنووسەران هەربابەتێکیان لەسەر دەڤەری کەندێناوە هەیە بۆ ئەم ئیمێڵەی بنێرن: makhmur@yahoo.com